بەهۆی کاتژمێرێکەوە

ڕێبین ئەحمەد خدر

گەنج بووم.

تازە خێزانم پێکەوە دەنا.

بەیانییەک کاتێ خەریک بووم بزمارێکم بۆ کاتژمێرێکی دیواری لە دیوار دەکوتا، چاوم بە زیندەوەرێکی سەیر کەوت لە ژێر کورسییەکە.

ژنەکەم لە مالّەوە نەبوو، نازانم بۆ کوێ ڕۆیشتبوو. تۆ وای دابنێ لەگەڵ خوشکەکەی چوون بۆ بەرگدروو، یان بازارێکی پانوپۆڕ.

بە بینینی زیندەوەرەکە – هاوارێکی گەورەم لێ بەرزبووەوە، تێگەیشتبووم کە مشک نییە.

بە قەدەر جورجێک بوو، بەڵام تەواو جیاواز.

من لە جێگەی خۆم وشک بووم.

بیرم لەوە کردەوە، چەکوچەکەی دەستم ڕابوەشێنم و خەڵتانی خوێنی بکەم، بەڵام ئەمە هەڵبژاردنێکی باش نەبوو، لە ڕاستیدا نەشدەویرام ئەوە بکەم.

هەر بە حاڵیش دەمتوانی سەیری بکەم.

لە ناوەوەمدا ترس داگیرسا، بۆچی؟ نازانم.. بەڵام هەر وایە – شتێک کە بە درێژایی ژیانت بە خەیاڵیش وێنات نەکردووە، لێی دەترسی.

منیش ترسام.

بیرم نیـیه ماوەی چەند دەبوو لەسەر کورسییەکە بەو شێوەیە ڕەق ڕاوەستابووم. کاتژمێرەکەم لەسەر زەوی دانابوو. زۆریش نزیک بوو لەو زیندەوەرە سەمەرەیە. سەیرم کرد کات (دە و پێنج خولەک) بوو. دە کاتژمێری تریش بەو حاڵە لەسەر کورسییەکە بوومایە، نەمدەوێرا بێمە خوارەوە، بەڵام لەپڕ زیندەوەرەکە خۆی جوولّە جوولّێکی کرد.

هەر ڕێک لە تۆپەڵێک ئاو دەچوو، دوو گوێچکەی گەورەش!

زیاتر جوولّا و من بیرم بۆ هەڵاتن کەوتە خۆ، بەڵام بە کوێدا؟ زیندەوەرەکە گەر ئاوا بڕۆیشتایە بەرەو دەرگاکە دەچوو... کەواتە باشترین ڕێگا ئەوە بوو، لەگەڵ دوورکەوتنەوەی ئەودا، بە هەڵەداوان ڕابکەم و بچمە سەر میزی تەلەڤزیۆنەکە. دەبوو لەنزیک تەلەڤزیۆن جێگە بۆ خۆم بکەمەوە، لەو کاتەدا دەنگی تەلەڤزیۆنیش دەهات.

بەرلەوەی کەڵکەڵەی هەڵواسینی ئەو کاتژمێرە نەفرەتییە (کە دیاری یەکێک لە هاوڕێکانی ژنەکەم بوو) بکەوێتە سەرم، سەیری تەلەڤزیۆنم کردبوو.

هەواڵەکان: شتی ناخۆش و بێ تام کە لە سەرەتای دروستبوونی ئەو سندووقە زۆر بڵێیە (تەلەڤزیۆن) بێ بڕانەوە لە گوێچکە و چاوەکاندا دووپات دەبوونەوە.

زیندەوەرەکە دووبارە جوولّا، نەمتوانی پێیەکانی ببینم جوولّەیەکی تر و بە خێرایی دەرپەڕی بە جۆرێک کە هەر نەشمبینی چۆن لە دەرگاوە تێپەڕی. ئەوەم بە هەل زانی و خۆم لە کورسییەکە هەڵدا - بەڵام وەک ئەوەی تاوێرێک فڕێ بدەنە خوارەوە، جەستەم ڕەق - بە زەحمەتێکی زۆرەوە توانیم دوو هەنگاو بنێم، ئەمە جێی باوەڕکردن نەبوو! ترسەکە کاری خۆی کردبوو. کەمێکی تر چوومە پێشەوە لەوەش دەترسام زیندەوەرە نامۆکە خۆی بهاوێتەوە ژوورەکە.

هێشتا چەکوچەکە لە ناو دەستمدابوو، تەلەڤزیۆن لەو کاتەدا باسی پیاوێک بوو کە لە "شەقلاوە" بە هێز و زانینی خۆی فرۆکەی دروست کردبوو، ئەوەیشی نیشان دەدا کە چۆن پیاوەکە فرۆکەکە دەخاتە کار، یەکێکی تریش لە نزیکییەوە وەستابوو بەردەوام پێدەکەنی، ئەوە هاوکاری بوو.من ئەو هاوکارەی ئەوم دیبوو، بەڵام لەو کاتەدا نەمدەتوانی بیر لەوە بکەمەوە ئەو کەسە کێیە، ئێستاش بیرم چۆتەوە - زۆر شتی تریشم بیرچۆتەوە.

جەستەم هەر ڕەق و تاوێرە - دووبارە بیرم کردەوە لە دەرگاوە هەڵبێم - گەڕامەوە لای کورسییەکە و هەوڵم دا بزانم زیندەوەرەکە دیارە، دیار نەبوو قاچەکانم ئازاریان زۆر بوو. کاتژمێرەکە کەوتە سەر ڕێگەم و سەرم نەوی کرد تا لەبەر پێم لای ببەم - کات: یازدە، پێنج خولەکی دەویست. هەرکە دەستم بۆ کاتژمێرەکە برد، زیندەوەرە سەمەرەکە لە دەرگاوە بە خێرایی مشک هێرشی هێنا.

هێرشی هێنا و بە دەستی چەپەمدا هەڵگەڕا. (لە ژیانمدا ئاوا نەتۆقیبووم!) نازانم بڵێم لەو کاتەدا کە بینیم کوێی زیندەوەرەکەم بە تەواوی لە بیرە! ئەوەندە دەزانم چاوەکانی تیژ بوون. من هیچم پێ نەکرا و خۆم خستە سەر سک و هەڵپەڕیم، وەک منداڵێکی ترسنۆکیش قیژاندم. هەستی خۆم ڕاگرت و پێم دەزانی کە بەسەر پشتمەوەیە، ئینجا ڕۆیشت بۆ سەر کەلله سەرم، نازانم بە تەواوی چۆن بوو، بەڵام پێم وایە چرنۆکێکی لە ملم دا. من توند توند قیژاندم و ڕووم وەرگێڕا، هەر وەک تۆپەڵێک ئاو وابوو، لەسەر سینگم بوو.

ڕوخسارم بە دەستەکانم داپۆشی، بەڵام تاوی دا سەر دەستم، قارەمانییەتیم نواند و دەستەکانم لێک کردنەوە تا تووڕی دەم! خراپتر بوو، خۆی ڕزگارکرد و ئەم جارە هێرشی بۆ دەمم هێنا! ئیتر من ڕەنگە لە هۆش خۆم چووبم، بەڵام بیرمە وەک ئەوەی هەویر بێت، خۆی هێنایەوە یەک و لە دەمم چووە ژوورەوە، بەرەو قوواڵایی جەستەم!

هەموو شتێک لەو کاتەدا گۆڕا و سەرەتای چیرۆکێکی تر دەستی پێ کرد.

ژنەکەم کاتێ گەیشتەوە ماڵ، منێکی تری بینی. منێک کە ڕەنگ زەرد و حەپەساو لەسەر پشت ڕاکشاوم و تۆند دەستم بە سکی خۆمەوە گرتووە و دەناڵێنم. ئەویش لەو کاتەدا قیژاندی، بیر دەکەمەوە، هەموو ژنێک لە کاتی ئاوادا دەقیژێنن، هەوڵی دا لێم تێ بگات کە چیم بەسەر هاتووە، من نەمتوانی هیچ شتێکی بۆ ڕوون بکەمەوە، تەنیا گوتم:

- شتێک لە دەمەوە.. سکم.

بە دەم گریانەوە گوتی:

- تێ ناگەم. هیچ تێ ناگەم.. دەبێ بگەینە نەخۆشخانە.

یەکەم نەخۆشخانە لەوێوە دەستی پێ کرد. یەکەم

دکتۆرەکان هەر لەوێ، بەڵام هیچ چارەسەری نەبوو، دکتۆرەکان بەتەواوی پشکنین و ئامێرەکانیانەوە - تەنیا قسەیەک کە دووپاتیان دەکردەوە ئەوە بوو:

- تووشی پەشۆکان و ترسان بووە، هیچ زیندەوەرێک لە جەستەیدا نییە، تەنیا ترسە!

ئامێرەکان هەر بەڕاست ئەو زیندەوەرە تۆپەڵە ئاوییە و سەمەرەیان نەدەدۆزییەوە و دکتۆرەکانیش منیان وەک کەسێک دەستنیشان دەکرد، کە لە ڕووی دەروونییەوە تێک چووم.

ئینجا زۆر دکتۆری دەروونیش، زۆر مەلا و شێخیش، بەڵام هیچ..هیچ.. هیچ چارەیەک نەبوو!

چارەی چی نەبوو؟ چارەی ئەوەی کە لەوەتەی ئەو زیندەوەرە چووبووە ناو جەستەم من بە تەواوی هەموو شتێکم گۆڕابوو، لە پڕ هیچ کەسێکم نەدەناسییەوە و پەلامارى ژنەکەیشم دەدا، تەنانەت ئەوەندەش تووڕە دەبووم کە بە قژ بە دواى خۆمدا ڕاى بکێشم، هەر ئەوەش چیرۆکەکەى بەوە گەیاند من لە ژنەکەم جیاببەمەوە، حەقیشى بوو.

حەقى بوو، من نیوەڕۆیەک چەقۆیەکەم لە قۆڵى دا و خەڵتانى خوێنم کرد.

لە ژنەکەم جیابوومەوە و لە ژێر چاودێرى دکتۆرەکاندا دەژیام، بەڵام دواتر نەخۆشخانەیشم فەرامۆش کرد.

دەردى من ئەوەبوو لە پڕ بە جوولانەوەى زیندەوەرەکە، تووشى حاڵەتى تووڕەیى، یاخود نەناسینەوەى خەڵک و ناسیاوەکان دەبووم، ڕێک دەبووم بە مرۆڤێک کە تازە لەودیو بوونەوە بە قولاپێک شۆڕبان کردۆتەوە بۆ ئەم دیوى بوون (لە نەبوونەوە بۆ بوون).تەنیاییم هەڵبژارد و دکتۆرەکانیش ئارامى و تەنیاییان بۆ ئەم دەردە لا خراپ نەبوو.

خراپ نەبوو نا - بەڵکو هیچ سەریان لە حاڵەتەکە دەرنەدەچوو، ناچار ڕازى بوون بەوەى کە خۆم دەمەوێت.

دایکم و باوکیشم ڕازى بوون، برا و خوشکەکانیشم، ئینجا بەرەو ماڵێکى تەنیا و ئەزموونى گۆشەگیرى. لە ماڵەکەدا ئەو کاتانەى تووشى حاڵەتى تووڕەیى دەبووم - کێشەیەکى وام بۆ کەس دروست نەدەکرد، تا دەمتوانى دەمقیژاند و شەقم لە مێز و کورسییەکان هەڵ دەدا، هیچ کەسێکیش لە گەڵم نەمابوو تا بەهۆى نەناسینەوەى تووشى بێزارى بکەم.

دواتر شتێکى ترم هەست پێ کرد.

هەستم کرد، زیندەوەرى نامۆى ناو لەشم خۆبەخۆ زاوزێى کردووە و چەندان زیندەوەرى ترى پەڕاندۆتە ناو سەرتاپاى لەشم! هەستم دەکرد لە هەموو کونجێکى لەشم زیندەوەرى سەمەرە هەن، من بووبووم بەلانە بۆیان!

هەروا کە درێژەم بە گۆشەگیرى دەدا، جاروبار دەڕۆیشتمە دەرەوە، بەڵام چوونە دەرەوە ئەوەندەى بالکۆنەکە تامى ژیانى نەدەدا، بەتایبەتیش ئەو کاتەى ئەو ژنەم دەبینى. ئەو ژنەى کە لەگەڵ هاتنم بۆ ماڵەکە - هەموو ڕۆژێک لە خوارەوەڕا - کیسێک بە دەستەوە سەرى هەڵدەبڕى و بۆم پێدەکەنى، ئیتر ڕۆژێک ئاماژەى دا کە دواى بکەوم!

ژنێکى زۆر جوان، گەورەتر لە تەمەنى خۆم، کاتێ من بە دواى ژنەکەدا دەڕۆیشتم گەنجێک کە لە شەلاتى و چەقۆ کێشەکان دەچوو، هاتە سەر ڕێم، گوتى:

- تۆش ئێرەت دۆزییەوە براکەم!

گوتم:

- ئێرە کوێیە؟

گەنجەکە پێکەنى و گوتى:

- خۆت باشتر دەزانى. باشتر دەزانى کە بە دواى ئەو ژنەدا دەڕۆیت و دەچیت بۆ بەهەشت.

ئەمەى گوت و قاقایەکى ناخۆشى لێ دا.

گوتم:

- بەهەشت؟

بە دەنگێکى نزمەوە گوتى:

- لەوپەڕى دنیا دێنە ئێرە، تۆش هەروەک ئەوان، شەرم مەکە، با درەنگ نەکەوى، ئەمە خۆى و پێنج کچى تریشن..من جارێکیان.

قسەکەم پێى بڕى و گوتم:

- من ئەو ژنە ناناسم.

کاتێ ئەوەم گوت، دوو هەنگاو گەڕامەوە دواوە، ئینجا وەرسووڕامەوە.

دەنگى پێکەنینى گەنجەکە تا ئەو کاتەش کە چوومەوە ماڵەوە و - ژوورەکەى خۆم هەر لە گوێمدا گەشەى دەکرد و پەرت دەبوو.

ڕۆژى دواتر ژنەکە بە هەمان شێوە تێپەڕى و دووبارە پێکەنى بۆم. ڕێک لەو کاتەدا زیندەوەرى نامۆى ناو جەستەم - یەک زیندەوەر نا، هەموویان دەستیان بە

جوولّه کرد و تووشی حالّێکی یەکجار خراپ هاتم بە تووڕەییشەوە تا درەنگ.

ژنەکە و نیگاکانی لە دڵیان دابووم، بەڵام دەمزانی ئەوین نییە.

چەند ڕۆژێک دوای ئەوە، لە دەرگای ژوورەکەم درا.

ژنەکە خۆی بوو، کیسەیەکیش لەناو دەستیدا، چاوەکانی ڕەش ڕەش.دڵنیام هیچ یەکێکتان هەرگیز چاوی ئاوا ڕەش و ئاگراویتان نەدیوە، پێکەنی و گوتی:

- سینا.

گوتم:

- بەڵێ؟

بە نازەوە گوتی:

- ناوی خۆم بوو!

من فەرامۆشم کرد ناوی خۆم بڵێم، شڵەژابووم، داوام لێ کرد بێتە ژوورەوە و میوان بێت.

ئەو گوتی:

- ناتوانم بەڵام دەکرێ تۆ سەردانمان بکەیت!

کاتێ ئەمەی گوت لەگەڵ پێکەنینەکەی کەمێک زمانی دەرهێنا هەموو گیانیشم وروژا!

بە شەرمەوە گوتم:

- ئاخر، ئەو ڕۆژە.

گوتی:

- باشە، باشە.. دەزانم تۆ شەرمنیت و ئەو ڕۆژە ئەو کوڕە نەفامە تۆی وا لێ کرد بە دوامدا نەیەیت، کەواتە یەکێک لە کچەکانم دەنێرم تا تۆزێک یارمەتیت بدەن!

(یارمەتیت بدەن)ـەکەی بە جۆرێک گوت، من هیچ کات ئەو جۆرە درکاندن و گوتنەم نەبیستبوو، هەر نەشمزانیبوو دەکرێ وشەکان بە جۆرێکی ئاواش دەربببڕێن.

پێش ئەوەی من شتێک بڵێم هەر خۆی گوتی:

- سیما.

گوتم:

- چی؟

وەک هەمیشە پێکەنی و گوتی:

- ناوی ئەو کچەمە کە دەینێرم بۆ لات.

زۆر دواتر بۆم دەرکەوت ئەم ناوانە ناوی خۆیان نین و ئەو ژنە جوانەیش بە هیچ شێوەیەک دایکی ئەو کچە و هیچ لە کچەکانیش نییە.

هەر ڕۆژی دواتر سیما گەیشت.

کچەکە زۆر زۆر جوانتربوو لەو ژنە و - جوانتریش پێدەکەنی، چاوەکانی هەنگوینی بوون، بە بینینی لە دڵی خۆمدا گوتم (گەر ئەو جوانییە بتوانێت هەموو زیندەوەرە نامۆکانی ناو جەستەم هەلا هەلا بکات - ئەگینا هیچ!).

لەگەڵ سیمادا قسەی زۆرمان کرد، دواتریش گەیشتین بەو شوێنەی کە خۆم چاوەڕێم دەکرد پێی بگەم، چونکە تەواو جوانییەکەی کاری تێ کردبووم. لەسەر سیسەمەکە ڕووت و قووت ڕاکشاین، مەمکەکانی هەزار تابلۆیان شەرمەزار دەکرد، تێکەڵ بووین و ئاگر جەستەمانی نەخشاند، لە دوا چێژ و موچڕکەکاندا دڵم کەوتە لێدانێکی بەهێز، ڕێک وەک ئەوەی زەنگێکی گەورە بێت و وا بڕیار بێت هەموو دنیا لێدانەکەی ببیستێ.

لە ڕاستیدا زەنگ نەبوو، زیندەوەرەکان بوون دەجوولّانەوە.. یەک.. دوو.. دە.. سەد.. هەزار...تاد

دەجوولّان و دەجوولّان لەو کاتەیشدا سیما بە هەموو هێزی خۆی ماچی دەکردم و دەمی توند خستبووە ناو دەمەوە، وەک شتێک ئەو مەست بوو و منیش نەمدەتوانی هیچ شتێک بکەم، شەکەت..شەکەت..سیما وای دەزانی بەهۆی جوتبوونەکە ئاوا لە پڕ ڕەق بووم و کەوتمە ژێر دەستی، ماچی دەکردم و ماچی دەکردم.

دواجار شتێک ڕووی دا سەرەتایەکی تری بە چیرۆکەکە دا.

زیندەوەرە سەمەرەکان بۆ گەرووم، بۆ کەللەسەرم هێرشیان هێنا لەو کاتەدا کە دەمم لە ناو دەمی سیما بوو، بەرەو دەمیشم هێرشیان هێنا، نەمتوانی هیچ بەرگرییەک بکەم، هەستم کرد دانەیەک لە زیندەوەرەکان لە دەمەوە دەرچوو.

سیما شڵەژا.. دەمی لابرد و بەسەر سیسەمەکەدا خۆی هەڵدا و ڕشایەوە.

ئینجا سوور، زۆر سوور هەڵگەڕا و سەیری منی کرد.

بە ئاستەم دەنگی هات و گوتی:

- ئەمە چی بوو؟ چی بوو؟ شتێک چووە ناو دەمم؟ شتێک بوو؟

من نەمدەزانی چی بڵێم، گوتم:

- هیچ نەبوو، هیچ نەبوو.

جارێکی تر ڕشایەوە و توند دەستی بە سکی خۆیەوە گرت، جلەکانی کردنەوە بەری و بێ ئەوەی یەک جاریش

سەیرم بکاتەوە، ڕۆیشت.

دوای دوو کاتژمێر ژنەکە (سینا) تەلەفۆنی بۆ کردم.

– کچەکەت چی لێ کردووە کابرا؟ لەوەتەی لای تۆ هاتۆتەوە تەواو نییە.

+ من، من هیچ، خۆی نەخۆش.. خۆی.

– دەی باشە، بەڵام گەر نەخۆشیت هەیە و بۆگەنت کردووە، بۆچی پێشتر ئەوەت نەدەگوت؟ بۆچی کچەکە هەر خەریکە دەڕشێتەوە و دەشڵێ شتێک لە جەستەمدایە؟ تۆ نازانی ئەمە کار لە ئیشی ئێمە دەکات؟ تەنیا توانیویەتی میوانداری سێ پیاو بکات، لەو کاتەوە سێ پیاو.. ئەمە هەمووی خەتای تۆیە.

+ بەڵام من.

– دەی باشە، هیچ کات سەروکەللەت نەبینمەوە ناشیرین.

پێم سەیر بوو ئەو ژنە جوان و میهرەبانە چۆن ئاوا گۆڕا و تووندبوو، بەڵام بۆچیش سەیر، خۆ من تاوانم هەبوو، تاوانی ئەوەی کە زیندەوەرەکە لە دەمی منەوە ڕۆیشتبوو بۆ ناو جەستەی ئەو.

ئەمە بوو باسەکە.

چەند ڕۆژێک دوای ئەوە هەمان گەنجی شەلاتیم بینییەوە.

سەرەتا لە بالکۆنەکەوە سەیرم کرد کە دەڕشایەوە، کاتێ چوومە لای، تێی گەیاندم کە دوو ڕۆژە وا هەست دەکات شتێک لە جەستەیدایە، شتێک کە وای کردووە خوشکی خۆی بداتە بەر چەقۆ!

ئینجا ئەم هەواڵانە زیاتر گەشەیان سەند!

پەیتا پەیتا ئەم حاڵەتە لەناو پیاواندا بڵاوبووەوە و تووشی بوون! ئینجا بەهۆی ئەوانەوە ژنانی ماڵەوەیش تووش بوون!

کاتێ دۆخەکە گەیشتە ئەوە من لەو ماڵە ڕام کرد و لە شوێنێکی تر، کۆڵانێکی لاچەپ و پیس خۆم شاردەوە، ترسام سیما، یان سینا – یان هەر یەکێک لەوان ناوی من بڵێن و وەک تاوانبارێک دەستبەسەر بکرێم.

ئێستا لە ماڵە شاراوەکەمدام، ئەم حاڵەتە تەواوی شارەکەی گرتۆتەوە، ڕۆژانە لە تەلەڤزیۆنێکی زۆر کۆنی ڕەش و سپیەوە سەیری هەواڵەکان دەکەم و لە نەخۆشخانەکان ئەمە وەک نەخۆشیەک دەناسرێت و نەخۆشەکانیش نیشان دەدرێن، بەڵام هیچ چارەسەرێکیش، تەنانەت دکتۆرەکان کە بەشێکیان خۆشیان تووشی بوون ئەو حاڵەتە وەک بابەتێکی تەندروستی و پەیوەست بە زانستی پزیشکییەوە سەیرناکەن! کۆلێرا، تاعوون، جنۆکە – شێتی...تاد هیچ لە مانە نییە! بەردەوامیش باسکردنی دووپات دەبێتەوە و دووپات دەبێتەوە، تەنانەت وای لێ هاتووە زۆر تووشبوو بەم زیندەوەرە نامۆیانە خۆیان فەرامۆش دەکەن و وەک شتێکی ئاسایی دەبینن، بەڵێ شتێکی زۆر ئاسایی، هەر ئەوەیە چەند زیندەوەرێک لە جەستەدا دێن و دەچن و لە ناکاو دەبنە هۆی تووڕەیی و هەڵچوون، ئینجا کارەسات و ڕووداوی ناخۆشیش..ئینجا نەناسینەوەی یەکتری و یەکتر فەرامۆشکردنی بەردەوام..

بەڵێ، بەیانییەک کاتێ دەمویست کاتژمێرێکی دیواری هەڵواسم.

سەرەتای چیرۆکێکی ئاوا دەستی پێ کرد.